Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.13 23:53:57 +01'00'

# هەڵەی کوردستان پۆست

**سەرکان کوردی**

sarkan@kurdee.net

کوردستان پۆست یەکێکە لەو تۆڕگە کوردیانەی کە هەمیشە بۆتە دەنگێکی بێگانە بە کورد و هەمیشە ڕەخنەی نابەجێ و بێ بەڵگە دەدات. کوردستان پۆست حەز دەکات کە مرۆڤی کورد چەواشە بکات و بیخاتە نیو مەنزڵگەی درۆ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تۆڕگەیەکە هەر بۆ خزمەتی داگیرکەرانی کورد درووست بووە. بەڕێزان لەم کاتە ناسکەدا ئێمەی کورد پێویستیمان بەوە نیە کە دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین. بەڵکو پێویستە دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگیان.

ڕاستە هەموو پارتێکی سیاسی (ڕامیاری) نێو گۆڕەپانی کوردستان هەڵەدەکات و پێویستە کە ئێمە بە بەڵگەی دیارەوە بچینە نیو مەیدانەوە لەگەڵیان با ڕەخنەکانیشمان (درووستکەربن نەک ڕووخێنەر).

بەڵام کوردستان پۆست هەموو بابەتەکانی کە دژ بە پارتی و یەکێتی‌یە و بە شێوەیەکی نەگەتیف (ڕووخێنەر) دەڕوانێتە کوردستان و پەڕلەمان و حکومەتەکەیوو هەموو حیزبەکوردستانیەکانیش.

تکام وایە کە کوردستان پۆست واز لە فێڵ بهێنێت. چونکە کورد هەمشە فێڵی لێکراوە هیچ کاتێکیش دووژمنانی کوردیان بە فێڵ بۆ نەتواوەتەوە. ڕەخنە جوانە بەڵام ڕەخنەیە کە سەرۆکەکان چاک بکات نەک بیانکات بە خائین. چونکە هیچ کامێک لەوانەی کە دژی بارزانی دەنووسن بەقەد یەک چرکە لە ژیانی ئەو بەڕێزە نەهامەتیان نەدیوە.

داوام وایە کە هێندە باسی فایلی پارتیش نەکەن چونکە پارتی بەیان نامەی مەکتەبی سیاسی ڕوونیکردۆتەوە گەر بەڵگەی ئاشکراتان لەلایە بفەرموون وەک کوردپەروەر بێنە پێشەوە.

**لەگەڵ ڕێزم بۆ گشت لایەک**

## هەر بژین بۆ کورد